# شەونم

هۆنراوەی (7)

المنة لله که در میکده باز است

ئەی خوایە شوکر وا دەری مەیخانەکە وازە
لەو دەرکەیە چاوم کە ئەوێ چاکی نیازە
مەستن خومەکان و بە نەشە و جۆش و خرۆشن
ئەو مەی کە لەواندایە حەقیقەت نە مەجازە
داماوی یە , پاڕانەوەیە , خوازە , لە ئێمە
لەوڕا هەموو هەر دەعیە و سەرمەستی و نازە
رازێکی لە کن کەس نە کوتوومە و نە دەشی لێم
لای دۆستی دەڵێم چونکە ئەوم مەحرەمی رازە
تاریفی قەفی زولفی بە پێچ و خەمی دڵدار
کۆتایی بە کەس نایە نییە ئەو قسە تازە
باری خەمی مەجنوون و خەمی پەرچەمی لەیلێ
تاجی سەری مەحموود و قول و قاچی ئەیازە
چاوم وەکوو بازی لە هەموو عالەمێ قووچاند
لەو کاتەوە چاوم لە دوو چاوی وەکوو بازە
ئەو کەعبەیی نێو کووچەی تۆ هەر کەسی تێبێ
ناو چاوی بەرەو تاقی برۆت رێك و تەرازە
سووتانی دڵی حافزی ئەی کۆمەڵی مەجلیس
پرسن لە شەم ئەو واریدە لەو سۆز و گودازە

حافزی حەقیقی